**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان**

**ژمارە: ١٢٧٩ لە ٢٠٢٦/٤/٢٨**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦

## تایبەت بە مۆڵەتی یانە وەرزشییەکان و فێرگە و ئەکادیمیا و سەنتەر و هۆڵە وەرزشییەکان

بەپێی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ ماددەی (٢) بڕگەی (٩)، بۆ ڕێکخستن و پەیڕەوکردنی شێوازێکی گونجاو و یاسایی بۆ مۆڵەتدان و تازەکردنەوەی مۆڵەتی (یانە وەرزشییەکان و فێرگە و ئەکادیمیا و سەنتەر و هۆڵە وەرزشییەکان) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش دەدرێت، دوای جێبەجێ کردنی داواکاری مۆڵەت بۆ تەواوی مەرجەکانی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد.

**ماددەی (١): مۆڵەتی یانە وەرزشییەکان:**

مۆڵەتی یانە وەرزشییەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش دەدرێت بەپێی یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ ماددەی (٢) بڕگەی (٩) دوای جێبەجێ کردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە:

١- بوونی ژێرخانی وەرزشی (یاریگا، هۆڵ، مەلەوانگە، باڵەخانەی کارگێری یانە) لەگەڵ بوونی سەنەدی مۆڵکایەتی شوێنەکە یاخود هەر بەڵگەیەکی یاسایی باوەڕپێکراو.

٢- دەستەی دامەزرێنەری یانە لە کەسانی لێهاتوو و خاوەن ئەزموون پێکدێت و نابێت لە (١٠) ئەندام کەمتر بێت و نابێت تەمەنیان خوار (١٨) ساڵ بێت.

٣- داواکار دەبێت بەڵێننامەیەک بدات کە لە داد نووس پەسەند کرابێت، کە تیایدا داوای هیچ هاوکارییەکی ماددی و بەخشین (منحه) لە حکومەتی هەرێم نەکات.

٤- دەبێت یانەکە لە (٥) یاری وەرزشی کەمتر نەبێت و دەکرێت زیاتر بێت، بە جۆرێک لە (٢) دوو یاری بە کۆمەڵ و (٣) سێ یاری تاکی تێدا بێت.

٥- دەبێت ڕەزامەندی سەرۆکی یەکەی ئیداری شوێنەکەی هەبێت.

٦- ناوی (٣٠) ئەندام پاڵێوراو بکات بۆ ئەندامیەتی دەستەی گشتی.

٧- دەستەی گشتی یانە پێکدێت لە: دەستەی دامەزرێنەر، ئەندامانی شانازی، ئەندامانی پاڵێوراو، ئەوانەی کە بە ئەندام قبوڵ کراون لە یانەکە بەپێی فۆرمی ئەندام بوون کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ئامادەی دەکات.

٨- دوای سەردانیکردنی لیژنەی تایبەتمەند سەرەتا مۆڵەت بۆ ماوەی (٦) مانگ دەدرێت و دوای ئەنجام دانی هەڵبژاردن بۆ دەستەی کارگێری مۆڵەتەکەیان دەبێت بە هەمیشەیی و بۆ ماوەی (٤) چوار ساڵ نوێدەکرێتەوە.

٩- دوای وەرگرتنی مۆڵەت یانەکە بەپێی ڕێنمایەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش، چالاکیەکانی ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٢): تایبەت بە فێرگە (ئەکادیمیا) وەرزشیەکانی تۆپی پێی هەرێمی کوردستان:**

١- دەستەی کارگێری فێرگە (ئەکادیمیا) دەبێت دوای وەرگرتنی پشتگیری یەکێتی تۆپی پێی شارەکان، نوسراو بەرز بکەنەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکە، دوای تەواوکردنی ڕێکاری یاسایی، مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش وەردەگیرێت.

٢- دەبێت ژمارەی دەستەی بەڕێوەبردنی فێرگە (ئەکادیمیا) لە (٣) کەس کەمتر نەبێت و لە (٥) کەس زیاتر نەبێت و دەبێت بەڕێوەبەری فێرگە (ئەکادیمیا) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرزشی هەبێت و دەبێت ئەندامەکان بڕوانامەی دبلۆمی وەرزشی یان ئامادەیی یان یاریزانێکی نیشتیمانی بێت.

٣- دەبێت ڕاهێنەر خاوەن بڕوانامەی (A-B-C) باوەڕپێکراو بێت لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان یان عێراق و کیشوەری ئاسیا و ڕاهێنەرەکان بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە دابەش دەکرێن:

أ- تەمەنی یاریزان و بڕوانامەی ڕاهێنەر

| تەمەن | بڕوانامەی راهێنەر | ڕاهێنەری گۆڵپارێز | ڕاهێنەری |
|---|---|---|---|
| ٦ ساڵ تا ١١ ساڵ | C | C یان بڕوانامەی ئاستی یەکەم | C |
| ١٢ ساڵ تا ١٧ ساڵ | B | C یان بڕوانامەی ئاستی یەکەم | C |

ب- دابەشکردنی یاریزانەکان بەپێی ئاستی تەمەنەکان

| تەمەن | ژمارەی یاریزان | ژمارەی ڕاهێنەری | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٦ ساڵ تا ١١ ساڵ | ٢٠ یاریزان | بەلایەنی کەم یەک ڕاهێنەر | |
| ١٢ ساڵ تا ١٧ ساڵ | ٣٠ یاریزان | بە لایەنی کەم دوو ڕاهێنەر | |

ج- پێداویستیەکانی مەشق و ڕاهێنان

| تەمەن | قەبارەی تۆپ | ژمارەی تۆپ | پێداویستیەکان |
|---|---|---|---|
| ٦ ساڵ تا ١١ ساڵ | ژمارە ٤ | یەک تۆپ یەک یاریزان | هەموو پێداویستیەکان بە جل و بەرگەوە لە ئەستۆی ئەکادیمیایە بەبێ بەرامبەر |
| ١٢ ساڵ تا ١٧ ساڵ | ژمارە | یەک تۆپ بۆ هەر یاریزانێک | |

د- دەبێت ڕاهێنەر تەنها لە ئەکادیمیا (فێرگە) یەکی وەرزشی کار بکات بە پێچەوانەوە لە کارەکەی دوور دەخرێتەوە.

٤- ئەکادیمیای داواکاری مۆڵەت، دەبێت زانیاری دروست و تەواو بدات و بەڵێنامە پڕبکاتەوە لە بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش.

٥- سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی ئەکادیمیا (فێرگە) نابێت تەمەنی لە (٢٥) ساڵ کەمتربێت و تەمەنی ئەندامان دەبێت لە (٢٠) ساڵ کەمتر نەبێت.

٦- لێژنەیەک لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان/ لقی پارێزگا لەگەڵ نوێنەری بەرێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکە سەرپەرشتی و چاودێری ئەکادیمیا (فێرگە) دەکەن لە ڕووی هونەری و تەندروستی و کارگێری و وەرزشی.
٧- دەستەی کارگێری ئەکادیمیا (فێرگە) زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ژمارەی بەشداربووان لە ڕێگای تۆمار (سجل).
٨- کاتی مەشقەکان دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ کەش و هەوای ناوچەکە و دەوامی قوتابخانەکان.
٩- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوە و ڕاگرتنی چالاکی ئەکادیمیایان هەیە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێت:
أ- ئەگەر زانیارییەکانی ڕاست و دروست نەبوون.
ب- ئەگەر هاتوو ئەکادیمیا (فێرگە) لە چالاکی وەستا بۆ ماوەی زیاتر لە (٣) مانگ بەبێ ڕەزامەندی لایەنی مۆڵەتدان.
ج- ئەگەر دەستەی بەڕێوەبردن هاوکاری نەبوون لەگەڵ لیژنەی سەرپەرشتی و چاودرێری.
د- ماوەی مۆڵەت ساڵانەیە و لە بەرواری دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە کاتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکە دەبێت لە ماوەی یەک مانگ نوێ بکرێتەوە.
و- ئەگەر ئەکادیمیا ( فێرگە) هەر هەلەیەک و سەرپێچیەکی کرد بە زیان گەیاندن بە بەشداربووان لە ڕووی تەندروستی و ئەخلاقی و پەروەردەیی و زانستی و مەشق و جەستەیی لەناو ئەکادیمیا بەتایبەت لە کاتی سکاڵای بەخێوکەر هەڵدەوەشێتەوە.
١٠- هەر گۆرانکاریەک بکرێت لە ژێرخانی ئەکادیمیا (فێرگە) پێویستە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش وەبگیرێت لە ڕێگای لێژنەی سەرپەرشتی و چاودێری.
١١- مەرجە ناونوسینی بەشداربووان لە ڕێگای باوک و دایک یان بەخیوکەر بێت و ڕاپۆرتی پزیشکی سەلامەتی هەبێت.
١٢- دەبێت یەکەی پزیشکی لە ئەکادیمیا (فێرگە) هەبێت و شوێنی دیار بێت و بڕوانامەی کەسەکە لە یاریدەدەری پزیشکی کەمتر نەبێت و واباشترە پزیشک بێت.
١٣- ناکرێت ئەکادیمیا (فێرگە) کرێی بەشداربووان زیاد بکات بەبێ ڕەزامەندی لێژنەی سەرپەرشتی چاودیری لە بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش.
١٤- جۆرەکانی سزا بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:
أ- ئاگادار کردنەوە .
ب- هەڵپەساردن .
ج- هەڵوەشاندنەوە .

١٥- دەستەی كارگێری ئەكادیمیا بۆی هەیە نارەزایی دەربڕێت لەسەر بڕیارەكانی لیژنەی سەرپەرشتی و چاودێری لە ماوەی (٢) دوو هەفتە دا لە رێگەی بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش.
١٦- بڕی پارەی بەشداریكردن بۆ بەشداربووان دەبێت (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار كەمتر نەبێت و لە (٧٥،٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار زیاتر نەبێت و بەپێی پسولەی تایبەت پارەكە وەردەگیرێت و دەخرێتە ناو ئەژماری بانكی تایبەت بە خۆیان.
١٧- هاتن و چوونی بەشداربووانی ئەكادیمیا لە ئەستۆی دایك و باوك ، یاخود بەخێوكەر دەبێت.

**ماددەی (٣): مەرجەكانی مۆڵەتدانی مەلەوانگەكان:**

١- پێدانی مۆڵەت لە رێگای بەرێوەبەرایەتی وەرزشی شارەكانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:
أ- پاڵپشتی یەكێتی وەرزشی ناوبراو لە رووی هونەریەوە كە تایبەتە بە مۆڵەتی راهێنەرەكان و گونجاویی شوێنەكە، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی تایبەت بە یەكێتییە وەرزشییەكە.
ب- بەرێوەبەرایەتی تەندروستی.
ج- بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.
د- بەرێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.
هـ- بەرێوەبەرایەتی ئاسایش.
و- بەرێوەبەرایەتی بیمەی كۆمەڵایەتی.
٢- نابێت تەمەنی بەشداربووان لە مەلەوانگە لە (١٨) ساڵ كەمتر بێت و، خوار (١٨) ساڵ دەبێت ڕەزامەندی باوانی بە شێوەی نووسراو وەرگیرابێت.
٣- دەبێت قەبارە و رووبەری مەلەوانگە بە پێی ئەم پێوەرانەیی خوارەوە بێت:
(ئۆڵۆمپی، نیو ئۆڵۆمپی، چارەسەری سروشتی).
مەلەوانگە ئۆڵۆمپی دەبێت مەوداكەی بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی درێژیەكەی (٥٠م) مەتر و پانیەكەی (٢٥) مەتر كەمتر نەبێت، وقوڵایی لە (١-٢) مەتر بێت، ومەلەوانگەی نیو ئۆڵۆمپی درێژیەكەی (٢٥) مەتر و پانەیەكەی (١٢،٥) مەتر بێت وقوڵایی لە (١-٢) مەتر بێت و، مەلەوانگەی چارەسەری سروشتی قوڵایی (١م) مەتر بێت وئاوی گەرمی هەبێت.
٤- بەشداربوو دەتوانێت پشتگیری هەر تاقیگەیەك بهێنێت بۆ پشكنین.
٥- پشكنینی خوێن و وەرگرتنی لە ناو مەلەوانگەكان قەدەغەیە و بەپێچەوانەوە سەرپێچی كار رووبەرووی یاسا دەبێتەوە.
٦- شوێنی خۆشوشتن وتوالێتی هەبێت بۆ هەردوو ڕەگەز.
٧- دەبێت بەشداربووان ڕەچاوی بە كارهێنانی جلوبەرگی مەلەوانی بكەن.
٨- تۆماری سەردانی لیژنەكانی چاودێری هەبێت.
٩- هیچ مەلەوانگەیەك بۆی نیە فریادرەس(منقذ) یان راهێنەری(مدرب) مەلەوانی بیانی لای خۆی كار پێبكات بەبێ بوونی ئیقامەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وبێ بروانامەی یەكێتی یاریە ئاوییەكان عێراق/ لقی شارەكان.

١٠- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری.
١١- لەسەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان مەلەوانگەیەک بۆ مەلەوانگەیەکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبیل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو مەلەوانگە ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژرەو لە نێوانیان دابێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد) ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

١٢- پێویستە خاوەن مەلەوانگە مۆڵەتەکە لە شوێنێکی گونجاو هەڵبواسێت.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی مۆڵەتدانی هۆڵە وەرزشییەکانی لەشجوانی و لەش ڕێکی:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:
أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە رووی هونەرییەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکەو بەپێی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتییە وەرزشیەکە.
ب- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.
ج- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.
د- بەڕێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.
هـ- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.
و- بەڕێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.
٢- دەبێت ڕووبەری هۆڵەکە لە (٥٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بۆ ناو (سەنتەری پارێزگاکان) و بۆ (قەزاو ناحیەکان) لە (٢٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت، ئەم ڕووبەرە تەنها بۆ مەشقە، گەرماو و تواڵێت ناگرێتەوە.
٣- سەرجەم هۆڵەکان پێویستە شوێنی گەرماو و تواڵێتی تەندروستیان هەبێت.
٤- خاوەنی هۆڵەکە دەبێت ڕاهێنەری خاوەن بڕوانامەی یارییەکە دیاری بکات ودەبێت بڕوانامەکەی لە لایەن یەکێتی ناوەندی لەش جوانی کوردستان وعیراقەوە بڕوا پێکراو بێت و پێویستە تەمەنی ڕاهێنەر لە (٢٤) ساڵ کەمتر نەبێت بۆ پیاوان و (٢٢) ساڵ بۆ ئافرەتان کەمتر نەبێت.
٥- خاوەن هۆڵ و ڕاهێنەر بەرپرسیاری یەکەمن لە بەکارهێنانی کڕین وفرۆشتنی مادده ووزە بەخشەکان.
٦- لە سەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان هۆڵێك بۆ هۆڵێکی تر دەبێت لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت بۆ (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت و ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوانی گەرکەکە بکریت، بە هیچ شێوەیەک ناکرێت هۆڵ لە ژێر زەمین بێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانەکردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بە شێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت.

بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو هۆڵ ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژڕەو لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

٧- لیژنەیەکی تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکان چاودێری و بەدواداچوون بۆ هۆڵەکان دەکات.

٨- پۆلینکردنی هۆڵە وەرزشیەکان لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت دەبێت بۆ پلەکانی (A-B-C) بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکان.

٩- پێویستە هۆڵەکان تۆماری سەردانیکردنیان هەبێت لەکاتی سەردانی لیژنەکانی وەرزشی و تەندروستی و بەرگری شارستانی.

١٠- پێویستە خاوەن هۆڵ مۆڵەتی هۆڵ لە شوێنی گونجاو هەڵبواسێت.

١١- نابێت تەمەنی بەشداربووان لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت خوار (١٨) ساڵ دەبێت ڕەزامەندی باوانی بەشێوەی نووسراو وەرگیرابێت.

١٢- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێی هەبێت.

١٣- دەبێت کامێرای چاودێری لەسەرجەم هۆڵەکاندا هەبێت.

**ماددەی (٥): مەرجەکانی مۆڵەتدانی ئەکادیمیا و هۆڵە وەرزشیەکانی تۆپی سەرمێز:**

١- پێدانی مۆڵەت لە رێگای بەرێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:

أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە ڕووی هونەریەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی تایبەت بە یەکێتییە وەرزشییەکە.

ب- بەرێوەبەرایەتی تەندروستی.

ج- بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- بەرێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.

هـ- بەرێوەبەرایەتی ئاسایش و بەرێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٢- دەبێت هۆڵی تۆپی سەرمێز لە (١٠٠م) دووجا کەمتر نەبێت و بەرزیەکەی لە (٣) م کەمتر نەبێت.

٣- توالێت و شوێنی خۆ گۆرین و گەرماوی تێدابێت.

٤- دەکرێت لە هەر چوار لای مێز فلێکس و ڕێکلام دابندرێت.

٥- دەبێت بەشداربوو تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت و بۆخوار (١٨) ساڵ رەزامەندی باوان بە شێوەی نووسراو وەرگیرابێت.

٦- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێی هەبێت.

٧- نابێت دیواری هۆڵ رەنگی سپی بێت باشترە قاوەی یان شین بێت.

٨- بەکارهێنانی جگەرە کێشان و نەرگیلە و هەر دەرمانێکی زیان بەخش لەناو هۆڵ قەدەغەیە.

٩- ڕاهێنەر و خاوەن هۆڵ دەبێت بڕوانامە و مۆڵەتەکانیان لە هۆڵەکەدا هەڵبواسرێت.

١٠- دەبێت کامێرای چاودێری لە سەرجەم هۆڵەکاندا هەبێت.

١١- دەبێت شوێنی دانیشتنی تایبەت بۆ مێوانان و هەواداران هەبێت.

١٢- لەسەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان هۆڵێك بۆ هۆڵێکی تر لە (١٠٠٠) هەزارمەتر کەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو هۆڵ یان ئەکادیمیا ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تێژرەوە لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

١٣- پێویستە خاوەن مۆڵەت مۆڵەتەکەی لە شوێنێکی گونجاو هەڵبواسێت.

**ماددەی (٦): مەرجەکانی مۆڵەتدانی ئەکادیمیا و هۆڵەکانی هونەری بەرگری:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:

أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە ڕووی هونەریەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە یەکێتیە وەرزشیەکە دەبێت.

ب- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- بەڕێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.

و- بەڕێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٢- لە سەنتەری پارێزگاکان ڕووبەری هۆڵەکە نابێت لە (٤٠٠) مەتر دووجا کەمتر بێت و لەقەزاو ناحیەکان نابێت (٢٠٠) مەتر دووجا کەمتر بێت.

٣- ڕاهێنەری پیاو و ئافرەت خاوەن بڕوانامەی باوەڕپێکراو بن و، پێوستە تەمەنی ڕاهێنەر لە (٢٤) ساڵ بۆ پیاوان و (٢٢) ساڵ بۆ ئافرەتان کەمتر نەبێت.

٤- هۆڵەکان دەبێت سەرجەم پێداویستی سەردەمیانەی مەشق و ڕاهێنانیان هەبێت.

٥- دەبێت بەپێی یاسا وڕێنماییەکانی تەندروستی شوێنی خۆ گۆڕین و گەرماو و توالێتی تێدا هەبێت بۆ هەردوو ڕەگەز.

٦- لیژنەی سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکان دەسەڵاتی سەردانی کردنیان هەیە بۆچاودێری بەردەوامی هۆڵەکان.
٧- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێی هەبێت.
٨- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری.
٩- لە سەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان هۆڵێك بۆهۆڵیکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەترکەمتر نەبێت بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت.

ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو هۆڵ ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژرەو لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەڕینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ تێدا بەدی نەکرابێت.

١٠- ڕاهێنەر و خاوەن هۆڵ دەبێت بڕوانامە و مۆڵەتەکانیان لە هۆڵەکەدا هەڵواسرابێت.

**ماددەی (٧): مەرجەکانی مۆڵەتدانی هۆڵی بلیارد:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:
أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە ڕووی هونەریەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکەو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە یەکێتیە وەرزشیەکە دەبیت.
ب- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.
ج- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.
د- بەڕێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.
ه- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.
و- بەڕێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.
٢- دەبێ ڕووبەری هۆڵەکە لە (١٥٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.
٣- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێی هەبێت.
٤- هۆڵەکە ڕووناکی باشی هەبێت.
٥- نابێت بەهیچ شێوەیەك قومار بکرێت لە هۆڵی بلیارد.
٦- ئەو بەشداربووانەی تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە دەبێت ڕەزامەندی باوانیان بەشێوەی نووسراو وەرگیرابێت.
٧- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری.
٨- لەسەنتەری(پارێزگاکان) دووری نێوان هۆڵێك بۆ هۆڵیکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت.

بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو هۆڵ ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژڕەو لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەڕینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

٩- دەبێت مۆڵەتەکە لە شوێنی گونجاو هەڵبواسرێت.

**ماددەی (٨): مەرجەکانی مۆڵەتدان بە ئەکادیمیاکانی پادڵ:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:

أ- پشتگیری یەکێتی وەرزشی تایبەتمەند لە ڕووی هونەری وجۆری بڕوانامەی ڕاهێنەران.

ب- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی باج و دەرامەت.

و- بەڕێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٢- دەبێت قەبارەی یاریگا لە(٢٠م x ١٠م) کەمتر نەبێت.

٣- پێویستە دووری نێوان یاریگاکانی پادڵ لە ناو ئەکادیمیاکە ئەگەر لە یاریگایەک زیاتر بوو لە (٥م) کەمتر نەبێت، بۆ ڕەچاوکردنی مەرجی سەلامەتی و تەندروستی بەشداربووان.

٤- هەبوونی توالێت و دەست شۆر و گەرماو بۆ هەردوو ڕەگەز.

٥- دەبێت شوێنی دانیشتنی هاندەرانی هەبێت.

٦- دەبێت ژووری فریاگوزاری سەرەتایی هەبێت.

٧- سیستەمی سەلامەتی تێدابێت وەک:

أ- دەبێت ڕووناکی فریاگوزاری هەبێت.

ب- ڕووناکییەکی گونجاو هەبێت بۆ یاری شەوانە.

٨- دەبێت شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلی هەبێت.

٩- پێش تازەکردنەوە و پێدانی مۆڵەت دەبێت لایەنی حکومی (لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکان) سەردانی شوێنەکە بکات.

١٠- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری.

١١- لە سەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان ئەکادیمیا یان فێرگەیەک بۆ فێرگەیەکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

***چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبیل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو ئەکادیمیا ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژرەوە لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەڕینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

١٢- پێویستە خاوەن ئەکادیمیا مۆڵەتەکە لە شوێنێکی گونجاو هەڵبواسێت.

**ماددەی (٩): مۆڵەتی سەنتەرە وەرزشییەکان:**

١- پێدانی مۆڵەتی سەنتەرە وەرزشیەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش دەبێت دوای بەرز کردنەوەی داواکاری لەلایەن بەرێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە.

أ- پشتگیری فدراسیۆنی تایبەتمەندی هەر یاریەك لە یارییە وەرزشیەکان لە ڕووی هونەری وجۆری بڕوانامەی ڕاهێنەران.

ب- بەرێوەبەرایەتی تەندروستی.

ج- بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- بەرێوەبەرایەتی ئاسایش.

ە- بەرێوەبەرایەتی باج و دەرامەت.

و- بەرێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٢- رووبەری سەنتەر نابێت لە (١٥٠٠)م٢ کەمتر بێت و بەلایەنی کەم دەبێت (٣) جۆری وەرزش لە خۆ بگرێت و شوێنی گونجاو بۆ هەر وەرزشێک تەرخان کرابێت بەپێی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتیە وەرزشیەکە.

٣- لە سەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان سەنتەرێک بۆ سەنتەرێکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبیل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، بەڵام ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو سەنتەر ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژرەو لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

٤- دەبێت سەنتەرەکە تەواوی مەرج و پێداویستیەکانی پاک و خاوێنی و سەلامەتی پەیرەو بکات.

٥- تەمەنی بەشداربووان لە سەنتەرە وەرزشیەکان نابێت لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت و بۆ خوار (١٨) ساڵ پێویستە رەزامەندی باوانی بە شێوەی نوسراو وەرگیرا بێت.

٦- بەکارهێنان و فرۆشتنی مادده وزەبەخشەکان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و لە کاتی سەرپێچی سەنتەرەکە دادەخرێت و مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.
٧- دەبێت شوێنی خۆگۆرین و توالێت و گەرماو بۆ هەردوو ڕەگەز جیا بێت.
٨- بەهیچ شێوەیەک نابێت پشکنینی پزیشکی بۆ بەشداربووان لە ناو سەنتەر ئەنجام بدرێت بەپێچەوانەوە مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.
٩- دانانی سیستەمی کامێرای چاوێری.
١٠- پێویستە مۆڵەتی سەنتەرەکە لە ژووری کارگێری هەڵبواسرێت.

**ماددەی (١٠): مەرجەکانی مۆڵەتدانی هۆڵ و ئەکادیمیاکانی شەترەنج:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:
أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە ڕووی هونەریەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی یەکێتییە وەرزشییەکە دەبێت.
ب- بەرێوەبەرایەتی تەندروستی.
ج- بەرێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.
د- بەرێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.
هـ- بەرێوەبەرایەتی ئاسایش.
و- بەرێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.
٢- دەبێت ڕووبەری هۆڵەکە یاخۆد ئەکادیمیاکە لە (٢٠٠م) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.
٣- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێی هەبێت.
٤- هۆڵ و ژوورەکان ڕووناکی پێویستی هەبێت.
٥- ڕەچاوی دووری نێوان مێزی یاری بکرێت لە شوێنەکە بە مەبەستی ڕەچاوکردنی مەرجی سەلامەتی و تەندروستی.
٦- کەلو پەلی تایبەت بە شەترەنج مۆدیرن بێت.
٧- دەبێت ڕاهێنەر و خاوەن هۆڵ بڕوانامە و مۆڵەتەکانیان لە هۆڵەکەدا هەڵبواسرێت.
٨- ئەو بەشداربووانەی تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە دەبێت ڕەزامەندی باوانیان بەشێوەی نووسراو وەرگیرابێت.
٩- دانانی سیستەمی کامێرای چاودێری.
١٠- لەسەنتەری(پارێزگاکان) دووری نێوان هۆڵێك بۆ هۆڵێکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەتر کەمتر نەبێت، بۆناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە ڕێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین ڕێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، بەڵام ئەم پێوانە کردنە نێوانی دوو هۆڵ ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژڕەو لە نێوانیان دابێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

**ماددەی (١١): مەرجەکانی مۆڵەتدانی ئەکادیمیاو فێرگەکانی ئەسپ سواری:**

١- پێدانی مۆڵەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکانەوە دەبێت بۆ ماوەی ساڵێك، دوای وەرگرتنی پشتگیری ئەم دامەزراوانەی خوارەوە:

أ- پاڵپشتی یەکێتی وەرزشی ناوبراو لە ڕووی هونەریەوە کە تایبەتە بە مۆڵەتی ڕاهێنەرەکان و گونجاویی شوێنەکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە یەکێتییە وەرزشییەکە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی.

ج- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی.

د- بەڕێوەبەرایەتی داهاتی باج و دەرامەت.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش.

و- بەڕێوەبەرایەتی بیمەی کۆمەڵایەتی.

٢- شوێنی ڕاکردن وڕاهێنان گونجاو بێت و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی فدراسیۆنەکە و ستانداردە نێودەوڵەتیەکان بێت.

٣- پێویستە ڕاهێنەران خاوەن بڕوانامەی باوەڕپێکراوبن و پێویستە تەمەنی راهێنەر لە (٢٤) ساڵ بۆ پیاوان و (٢٢) ساڵ بۆ ئافرەتان کەمتر نەبێت.

٤- تەمەنی بەشداربووان نابێت لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت و خوار (١٨) ساڵ دەبێت ڕەزامەندی باوانی بەشێوەی نووسراو وەرگیرابێت.

٥- خاوەن فێرگە دەبێت سەرجەم پێداویستی سەردەمیانەی مەشق و سەلامەتی و ڕاهێنانی هەبێت بەبێ هیچ کەم وکوڕییەك.

٦- بەپێی یاسا وڕێنماییەکانی تەندروستی شوێنی خۆ گۆڕین و گەرماو و توالێتی تێدا هەبێت و جیا بێت بۆ هەردوو ڕەگەز.

٧- شوێنی سوارچاکی پێویستە لە (٢٠x٤٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت بۆ ئاستی سەرەتایی و ئاستی پێشکەوتوو لە (٦٠x٢٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٨- پێویستە شوێنی خۆگەرم کردنی ئەسپ (١٥×٣,٥) مەتر دووجا بێت.

٩- پێویستە شوێنی مانەوەی ئەسپەکان گونجاو بێت و لە (٣,٥×٣,٥) مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

١٠- لیژنەی سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی شارەکان دەسەڵاتی سەردان کردنیان هەیە بۆچاودێری فێرگەکان.
١١- ڕاهێنەر و خاوەن فێرگە دەبێت بڕوانامە و مۆڵەتەکانیان لە ژووری کارگیری فێرگەدا هەڵواسراو بێت.
١٢- پێویستە سیستەمی هەوا گۆرکێ لە هۆڵە داخراوەکان هەبێت.
١٣- دەبێت کامێرای چاودێری لە سەرجەم هۆڵەکان هەبێت.
١٤- دەبێت شوێنی دانیشتنی تایبەت بۆ میوانان و هەواداران هەبێت.
١٥- لەناو سەنتەری (پارێزگاکان) دووری نێوان فێرگەیەك بۆ فیرگەیەکی تر لە (١٠٠٠) هەزار مەترکەمتر نەبێت و، بۆ ناو (قەزاو ناحیەکان) لە (٥٠٠) مەتر کەمتر نەبێت.

*** چۆنیەتی پێوانە کردن:**

ئەم پێوانە کردنە لە رێگای شەقامی سەرەکی و بەنزیکترین رێگای گەیشتن بە پیادە یان بە ئۆتۆمبێل (بەشێوەیەکی یاسایی) پێوانە دەکرێت، ئەم پێوانە کردنە دووری نێوان دوو فێرگە ناگرێتەوە کە شەقامێکی سەرەکی تیژڕەو لە نێوانیان داهەبێت یاخود شوێنی پەرینەوەی پیادە یاخود (پرد)ی پەرینەوە یا (تونیل)ی تەرخانکراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەدی نەکرابێت.

**ماددەی (١٢): سزاکان:**

لەکاتی سەرپێچی کردنی یاسا و ڕێنماییەکان، خاوەن مۆڵەت بەم شێوەیەی خوارەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت:

١- ئاگادارکردنەوە.
٢- داخستنی شوێنەکە بۆ ماوەی (٣ تا ١٥) ڕۆژ.
٣- ئەگەر لە ماوەی (١) یەک ساڵ دوو جار شوێنەکەی داخرا بەهۆی پابەند نەبوونی بە یاسا و ڕێنماییەکان بە یەکجاری مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٣):**

هەر ڕێنماییەک لەگەڵ ئەم ڕێنماییە نەگونجێت و پێچەوانە بێت، هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێ ناکرێت.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**حەمەی حەمەسەعید**

**وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان**